
# خاڵخاڵۆکە ٢

گۆڤارێکی منداڵانەیە، ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ دەریدەکات

ژمارە (٢) زستانی ٢٠٢٥





# گۆڤاری خاڵخاڵۆکە و کاکەی فەللاح

منداڵانی ئازیز: یەکێک لەو هۆکارانەی وایکرد ئەم گۆڤارە ناوبنێین خاڵخاڵۆکە، جگە لەوەی خاڵخاڵۆکە مێروویەکی جوان و دۆستی منداڵە، هۆنراوە جوانەکەی (خاڵخاڵۆکە)ی (کاکەی فەللاح)یش هۆکارێکی تر بوو، کە خەڵکی شارباژێڕە دڵگیرەکەی ئێمەیە. هەربۆیە ناونیشانی هۆنراوەکەشمان کردۆتە دروشمی گۆڤارەکە.




ئەم هۆنراوەیە کە دواهۆنراوەی شاعیرە، لە سەردەمێکدا نوسراوە کە سەرجەم دێهاتەکانی کوردستان بە شارباژێڕەکەی ئێمەشەوە لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە لەساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ وێرانکراو سەرجەم خەڵکەکەشی لە زێدی خۆیان هەڵکەنران و بەشێکیان بەناوی ئەنفالەوە بێ سەرو شوێن کران و بەشێکیشیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان ڕاگوێزران.

هەربۆیە کاکەی فەللاح شاعیرە ناسراوەکەی منداڵان، لە خەمی ئەو کارەساتە گەورەیەدا ئەو هۆنراوەیەی نوسیوەو زۆر بە جوانی و سادەیی لە زمانی خاڵخاڵۆکەیەکەوە باس لە کارەساتی وێرانکردنی گوندەکان بۆ منداڵان دەکات.

هاوڕێیانی ئازیز : ئێوەش لەبەرگی پشتەوەی ئەم ژمارەی گۆڤارەکەتاندا دەقی شیعرەکەی کاکەی فەللاح بخوێننەوە.

سەرنوسەر


خاڵخاڵۆکە ٢
ماڵی خاڵم لە کوێیە؟

ژمارە (٢) زستانی ٢٠٢٥
گۆڤارێکی ئەدەبی - ڕۆشنبیری منداڵانە
ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ دەریدەکات

لێپرسراوی ناوەند:
ئامانج شارباژێڕی

سەرنوسەر:
سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
0770 158 5241

دەستەی نووسەران:
ئازاد تەها - ئەنوەر شارباژێڕی
ئارەزوو عەبدولخالق

دیزاین: جەلیل حسێن

ناونیشان:
سلێمانی - ناحیەی سیتەک
ئۆفیسی ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ

چاپ: چاپخانەی گەشە

وێنەی بەرگ: نەجات عەبدوڵڵا

هۆنراوە



# پاشای دارستان

سەردار قادر



ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان
بوم بەپاشای دارستان
دەچم بۆماڵی هەموو
باڵندەو ئاژەڵەکان
هەر هەموویان فێردەکەم
ئازاری یەکترنەدەن
بەسۆزوخۆشەویستی
سەر لەیەکتری بدەن
ئەوسا هەموو پێکەوە
بەشادومانی دەژین
شەوان لەناو دارستان
بەئاسودەیی دەنوین
ئۆخەی وابە ئازادی
بێچوی ئاسك دەگەڕێ
لە ژێر ئاسمانی شینا
پۆل پۆل باڵندە دەفڕێ!

# دار دەڕوێنم

نەجمەدین کاکەبرا



دەڕوێنم دارو درەخت
لە هەورازو شوێنی تەخت
هەتا خاکی کوردستان
سەوز بێ بەدرەختی جوان
گوڵ و درەخت گشت کاتێ
هەوای پاکمان دەداتێ
هەرچی زیندەوەرانە
ئەم کارەیان پێ جوانە
حەز دەکەین کە کوردستان
پڕ بێ لە درەختی جوان



# خاڵخاڵۆکە


عەبدولرەحمان تاوەگۆزی

خاڵخاڵۆکەی نەشمیلە
بـاڵ خاڵخاڵی وردیلە
گچکەو جوان و بەردڵی
شەیدای گوڵـزارو گوڵی
زۆر نـاسک و شەنگینی
لــــەجوانیدا زەنگینی
ئـێمەش وردین مناڵین
بەبیـنینـت خۆشحاڵین
لەسەر پەنجەو دەستمانی
تــۆ تێکەڵی هــەستمانی

# مناڵی کوردم

نەوزاد محەمەد ئالانی

جوانکیلەو ژیکەڵەو ورد
هیواو ئومێدم بۆ کورد
ئەگەرچی من مناڵم
مەلی هیوای بێ باڵم
وەک هەویرم لەبەردەست
پەروەردەم کەن بۆ مەبەست
چیتان بوێت ئەتوانن
فێرم کەن و بزانن
لەسەر زانست و چاکە
دڵسۆزی بۆ ئەم خاکە
دەبم بە خۆرێ بۆ گەل
هەروەکو ئاسۆی دەمکەل





# هەناسەیەکی قووڵ

وەرگێڕانی: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان



من بێچووە پشیلەم ناسراوم بە گوربە چکۆل!
هەموو ڕۆژێک دەچمە قوتابخانە.
گوربەی زل مامۆستامانە.



ئەمڕۆ گوربەی زل وتی: (میاو! میو!
واتە: گوربە چکۆل نۆرەی تۆیە. وەرە پێمان بڵێ پشیلەکان چۆن خواردن ئامادە دەکەن.

گوتم: "میاو، میاو!"، واتە: "نایەم!"، گوربە زل وتی: "میاو؟!" واتە بۆچی؟
من وەڵامم دایەوە: میاو، میاو، واتە: لەوانەیە پەلە بکەم و وەڵامەکەی لەبیر بکەم".





گوربەکانی هاوڕێم میاو میاو، پێکەنین!

نوسینی : شاهیدە شەفیعی
نیگار: فاتیمە محەمەد عەلی پور



گوربە زل وتی: "میاو، میو؟" واتە دواتر چی ڕوودەدات؟
منیش لە وەڵامدا گوتم: "میاو!" میاو! واتە:
"پاشان گوربەکانی هاوڕێم پێم پێدەکەنن.
گوربە زل لە پشیلەکانی هاوڕێمی پرسی: "میاو؟"
واتا: ئێوە بە گوربە چکۆل پێکەنین؟

ئەوان وەڵامیاندایەوە: میاووو! میاوو! واتە: نا! نا! چونکە ئێمەش هەندێ جار پەلە دەکەین، ئەوکاتە ڕەنگە هەڵە بکەین یان شتێک لەبیر بکەین.



پرسیم: "میاو؟" واتە: دواتر بیرتان دێتەوە؟ چۆن؟
ئەو دووانە پێکەوە گوتیان:
"میاوو! واتە: بەڵێ!" هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشین و ئارام دەبینەوە، پاشان هەمووومان پێکەوە هەناسەیەکی قووڵمان هەڵمژی و بە دەنگی بەرز پێکەنین!

**ئێستا تۆ پێمان بڵێ:**

- تا ئێستا پەلەت کردووە و شتێکت لەبیر کردبێ؟
- ئەگەر کەسێک پێت پێبکەنێت، چی پێدەڵێیت؟
- سەرنج بدە، چۆن خۆت ئارام دەکەیتەوە؟

# پیرەمێرد

ئا: ڤینا

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەوانی ناوداری کورد، تۆفیق مەحمودئاغای هەمزاغای مەسرەف نەوەی مەحمود ئاغای شیوەکەڵ ناسراو بە (پیرەمێرد)، لەدایکبووی ساڵی ١٨٦٧ ی گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانییە، لە ١٩ ی حوزەیرانی ١٩٥٠ دا کۆچی دوایی کردووەو لە گردی مامەیارە بەخاک سپێردراوە. پیرەمێرد لەبنەڕەتدا خەڵکی شارباژێڕ (شیوەکەڵ و گورگەدەر)ە، بەو پێیەی باوکی، موڵك و باخی لە گوندی گورگەدەر ی شارباژێڕدا هەبووە، پیرەمێرد خۆیشی ژیانی منداڵی و بەشێك لە گەنجی (١٨٧٤-١٨٨٠) هەر لەم سنورەدا بووەو لەکاتی منداڵی لەگەڵ باوکیدا هاتۆتە گوندی گورگەدەر و خزمەتی ڕەزو باخەکانیان کردووە. هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەدەب و خوێندنەوەی شیعری شاعیران ئەبێ. لەهۆنراوەیەکیشیدا نوسیویەتی:

**لەمناڵیما کە باوکم ساغ بوو**
**گەلێ ئارەزووی لە ڕەزو باخ بوو**
**ڕەزو خانومان لە گورگەدەر بوو**
**گورگانەشەوێم، زۆر چاك لەبەر بوو**

پیرەمێرد لە ١٨٩٨دا دەچێت بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێ لە کۆلیژی یاسا دەخوێنێت و چەندین پۆستی ئیداری و سیاسی وەردەگرێت. لەساڵی ١٩٢٥ ، دوای (٢٧) ساڵ دووری دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و تا دوا ساتی ژیانی خەریکی کاری ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی دەبێ. سەرنوسەری رۆژنامەی ژیان و ژین بووە. لەبواری ئەدەبیاتی منداڵانیشدا، پیرەمێرد یەکێکە لەو شاعیرە پێشەنگانەی کە جگە لەوەی لە رۆژنامەکەی خۆیدا (ژین) گۆشەی بۆ بابەتی منداڵان تەرخان کردووە، لە هۆنراوەکانیشیدا منداڵانی بێبەش نەکردووەو چەندین هۆنراوەی لە شێوەی چیرۆک و مەتەڵدا کە بۆ ئەو سەردەمە باوی بوو، نوسیوە، وەک: بەیتی مشک و پشیلە، سەرگوزەشتەی پیرێژنان، مەیمون و دارتاش، چیرۆکی گوڕنەتەڵە، گورگانەشەوێ، لغاوی شەیتان، مەتەڵ.

نمونەی هەڵبەستێکی:

## گۆرانیی بەهار

**کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە**
**چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە**
**بچۆ سەر گردی یارە ببینە**
**لە جیهاندا گوڵێکی ڕەنگینە**



# سوورە چنارەکەی چوارتا

ئا: خاڵخاڵۆکە

بەتەمەنترین درەختی کوردستانە و تەمەنی لەنێوان (٨٠٠ بۆ ١٠٠٠) ساڵە. دەکەوێتە بەردەم کانیاوی سەرەکیی شارۆچکەی چوارتا لە ناوچەی شارباژێڕی پارێزگای سلێمانی.

ئەستووری قەدەکەی یانزە مەترو پەنجا سانتیمەترە. بە پێی بۆچوونی شارەزایان تەمەنی ئەم دار چنارە ٨٠٠ ساڵ زیاترەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ  پێش هاتنی ئاینی ئیسلام، چونکە مەزاری دوو برا و خوشکێکی زەردەشتی لاوە نزیکە بە ناوی ( پیراڵک).

ساڵی ١٩٦٧ بۆمبێکی سوپای عێراقی بەرکەوتووەو لەساڵی ١٩٨٧ یشدا لەکاتی ڕاگوێزانی دانیشتوانی شارباژێڕدا حکومەتی عێراق (تی ئێن تی ) لەناو ئەم درەختەدا تەقاندۆتەوەو ئاگری لە کلۆری دارەکە بەرداوە. چەند جارێکی تر زیان بەر ئەم دارە کەوتووە، بەڵام هێشتا هەر بەخۆڕاگری ماوەتەوەو پەرژینێکی لە ئاسن بۆ دروستکراوەو بۆتە سومبول و لۆگۆی شارەوانی چوارتا. هەربۆیە جەمال شارباژێڕی شاعیر لە هۆنراوەیەکدا بۆ ئەم سوورەچنارە دەنوسێت:

**سوورە چناری سەرمایەو سایە**      **بازۆڵەی پتەو هەتا بتەوێت**
**سەدان لق لاقی لە قەدیدایە**      **قەت قۆڵ و باڵی باڵای نانەوێت**

ساڵی ٢٠٢١ یش لە لایەن ڕێکخراوی ژینگەدۆستی و فەرمانگەی پۆلیس و دارستانەوە وەک پرۆژەی (١٠٠) درەختی بەتەمەنی کوردستان ناوی تۆمارکراوە. ڕۆژانە گەشتیارێکی زۆر لە شارەکانی کوررستان و عێراقەوە سەردانی دەکەن و وێنەی لەژێردا دەگرن . ئێوەش دەتوانن سەردانی بکەن و وێنەیەک لە پاڵیا بگرن.



# بۆق و گا

له عەرەبییەوە: ئازاد تەها عەلی

بۆقە چکۆل لە تەنیشت بۆقە گەورەی باوکییەوە، لە قەراغی گۆمێک دانیشتبوو، بە باوکی گوت: باوکە! گیاندارێکی زەبەلاحی ترسناکم بینی، بەقەد شاخێک دەبوو، قۆچێک بەسەر سەرییەوەو کلکێکی درێژیشی هەبوو، پێیەکانیشی سمیان پێوەبوو.
بۆقە گەورەی باوکی وتی: کوڕە ئازیزەکەم! ئەوەی بینیوتە تەنها گایەک بووەو زۆر گەورەش نییە، ڕەنگە کەمێک لە من گەورەتر بێت. من دەتوانم خۆم وەک ئەو گەورە بکەم، تۆش دەتوانیت ببینیت.
پاشان فووی کردە خۆی، فووی کردە خۆی، ئینجا لە بۆقە چکۆلی پرسی: لەمە گەورەتر بووە؟
بۆقە چکۆل پەشۆکابوو و وتی: زۆر لەوە گەورەتر بوو.
باوکی زیاتر خۆی پف کرد، و لە کوڕەکەی پرسی: ئەو گایە ئەوەندە گەورە بوو. وانیە؟
بۆقە چکۆل وەڵامیدایەوە: گەورەتر باوکە! زۆر لەوە گەورەتر.
بۆقە پیرەکە هەناسەیەکی هەڵکێشاو زیاتر فووی کردە خۆی و گەورەتر و گەورەتر بوو، پاشان بە بچکۆلەکەی گوت: دڵنیام ئەو گایە لەمە گەورەتر نەبوو.
لەم ساتەدا بۆقە پیرەکە لە زۆر پفکردنی خۆیدا تەقیەوە.

**منداڵانی ئازیز! ئەوە بزانن کە ئەو کەسە خۆبەزلزانانەی خۆیان لە هەموو کەسێک بە باشتر دەزانن، سەرەنجام دەبێتە هۆی لەناوچوونیان.**



# مشکۆلەی زانستخواز

نوسینی ڕێحانە ئابشاهی
نیگار: نەرجس سابری
لەفارسییەوە: توانا نەوشیروان



مشکۆلە کاتێک یاری باڵۆن هەڵدانی دەکرد، لەدایکی پرسی: بۆچی پەڵە هەورەکان بەئاسمانەوەن؟
دایکی مشکۆلە لەوەڵامدا وتی: ئاوی دەریاکان دەبن بە هەڵم، دواتر بەرزدەبنەوەو لە ئاسماندا دەگۆڕێن بۆ هەور.
کاتێکیش ئاوی گوڵەکانی دەدا پرسی: ڕەگی گوڵەکان لەکوێوە خۆراکیان پێدەگات؟
دایکی مشکۆلە وتی: ڕەگی گوڵەکان لە ژێر زەوییەوە خۆراک بەدەستدەهێنن.
مشکۆلە بەردەوام پرسیاری دەکرد، دایکی دەستەسڕێکی بەناوچاوانیەوە بەست و وتی: مشکۆلەکەم سەرم ئێشی دێت، تۆ ڕۆژانە سێ سەد پرسیارم لێدەکەیت. من وەڵامی هەموو ئەوانە نازانم.
گوێیەکانی مشکۆلە زرنگانەوە، پاشان خۆی کۆکردەوەو بەرەو دارستانەکە کەوتەڕێ، بەدوای کەسێکدا دەگەڕا، تا وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی بداتەوە.
لەناکاو مێروولەخۆر لەپشت دەوەنەکانەوە سەری دەرهێنا و کلکی بە زەویدا خشاند.
مشکۆلە وتی: دنیایەک پرسیارم لێت هەیە.
مێروولەخۆرەکە وتی: بێزەحمەت بە خێرایی پرسیارەکانت بکە، منیش دنیایەک وەڵامم پێیە.
مشکۆلە وتی: بۆچی لوتی تۆ گەورەو درێژە و لوتی من کورت و بچووکە؟
مێروولەخۆرەکە سەیرێکی ئاسمانی کرد و وتی: پرسیاری دواترت چییە؟
مشکۆلە وتی: بۆچی تۆ زمانێکی درێژ و لینجت هەیە و من نیمە؟
مێروولەخۆرەکە وتی: ببورە بیرم چووە نانی بەیانی بخۆم.
دواتر بەدەم ڕۆیشتنەوە بەدەنگی بەرز وتی: بچکۆل برۆ ئەو پرسیارانە لە مشکەکان بکە.
مشکۆلە سەری داخست و بەخۆی وت: بۆچی هیچ کەسێک وەڵامی پرسیارەکانی من نازانێت. لەو کاتەدا جاڵجاڵۆکەیەکی بینی، لەڕێگەی تەونۆکەکەیەوە خۆی بە دار بەڕوویەکدا هەڵدەواسی.
مشکۆلە خۆی بەرزکردەوەو وتی: نانی بەیانیت خواردوە، تا چەند پرسیارێکت لێبکەم؟
جاڵجاڵۆکەکە وتی: بەدوامدا وەرە، ئێستا پیشانت دەدەم پێویستە لەکێ بپرسی.
لەم لق بۆ ئەو لق تەونەکەی هەڵدا و ڕۆیشت.

مشکۆلەیش بەشێوازی خۆی بەدوایدا ڕۆیشت.

کاتێک گەیشتنە لای کتێبخانەی دارستانەکە. جاڵجاڵۆکەکە وتی: لێرە وەڵامی هەموو پرسیارەکانت دەست دەکەوێت.


پەرتووکی ئاژەڵان، پەرتووکی گژوگیاکان، پەرتووکی سروشتی، هەر پرسیارێکت هەیە، بەبێ دوو دڵی لێیان بپرسە.

مشکۆلە زۆر دڵخۆش و بە جۆش و خرۆشەوە وتی: یەک پرسیار: دەتوانم بە کلکم گوێز بشکێنم، واتا ئێستا زۆر شادمانم.

جاڵجاڵۆکەکە وتی: بەڵێ، بەڵێ.

بەیەکەوە دەستیانکرد بە پێکەنین و شادی دەربڕین.

مێرووولەخۆر زمانێکی درێژی پێکەوە نوساوی لینجی هەیە، کە بۆ پەیداکردنی خواردن و پاکوخاوێن ڕاگرتنی خۆی سودی لێوەردەگرێت. بەگشتی خواردنەکانی مێرووولەخۆر بریتین لە: گەڵای دارەکان، مێرووولە و مۆریانە. مێرووولەخۆر ددانی نییە و بەهۆی لوت (لمۆز)ە، گەورە و درێژەکەیەوە مێروووەکان ڕاودەکات. کلکی بە موی درێژ داپۆشراوە، وەرزی زستان خۆی پێ گەرم دەکاتەوە.



# خاڵخاڵۆکە ماڵی خاڵم لە کوێیە؟

نەجم محەمەد

سەرەتای وەرزی بەهارێکی سەوزو ڕەنگین بوو، باڵندەکان  بەسەر چڵی دارە تازە چرۆکردوەکانەوە ئاوازو چریکەیان تێکەڵی ئەو بەهارە ڕازاوەیە کردبوو.
مێروەکانیش خەریکی هاتوچۆبون لەناو بەردو گیاو دارستانەکەدا. پەپولەکان ناسک ناسک باڵە نەخشینەکانیان لێک ئەدا.
تیشکی خۆر ڕووناکی بە هەموویان ئەبەخشی، ڕۆژی هەینی پشووی فەرمانبەران و قوتابیان بوو، بەرگی ماڵەوەیان پۆشیبوو، نینۆکیان کورتکردبوو. سەرو پرچیان جوان شانە کردبوو.
کەلوپەلی یارییەکانیان هێنابووە ناو دارستانەکەی نزیک گوندەکەیان، لەناو سەوزایی ژێردارەکە، کە پاڵی دابوو بە بەردەکەوە، دانیشتن و کەمێک لە سەوزاییەکە ڕامان. شوێنی یارییەکان پاککردەوە، لەو کاتەدا ڕاژە گوڵی چاوی کەوتە سەر خاڵخاڵۆکەیەک بە چڵی گیاکەدا هەڵئەگەڕا.
وتی: ئەوە خاڵخاڵۆکەیە.لەوەند وتی: وەرن با یاری لەگەڵ بکەین، ڤینا وتی: با پێی بڵێین ماڵی خاڵمان لە کوێیە؟
شاد هات خستیە سەر دەستی خاڵخاڵۆکەکە بەسەر دەستیدا ڕۆیشت بۆ کۆتایی پەنجەکانی هەموو ئەیانوت: خاڵخاڵۆکە ماڵی خاڵمان لەکوێیە؟



لەوکاتەدا شاجوان بە خەمباری و بێدەنگی پاڵیدابوو بە بەردەکەوەو سەیری شەپۆلی ڕووبارەکەی ئەکرد.
هاوڕێکانی هاتن، وتیان: بۆ بەشداری یاری خاڵخاڵۆکە ناکەیت.
وتی: من خاڵم نیە تا ماڵی خاڵم پێ بڵێت.
ڕاژە گوڵی وتی: دایکم بۆی گێڕاومەتەوە کە لەگەڵ دایکی شاگوڵ خوشکن، چونکە شیریان بەیەکەوە خواردوە.
کەواتە خاڵی من خاڵی تۆیە. ئارا پشتگیریکردو، وتی: من و دایکم لەماڵی ئێوە بوین کە باسیکرد، ئیتر شاجوان کە گوێی لەم چیرۆکە بوو، ڕوخساری وەک گوڵی جوانی ناو دارستانەکە گەشایەوە، هات بەشداری یارییەکەی کرد، خاڵخاڵۆکەکە بەپەنجەی شاد هەڵگەڕا تا گەیشتە سەری پەنجەی.
ئینجا بەرەو ماڵی شاجوان هەڵفڕی.
هەموویان دایانە قاقای پێکەنین.
خەندەو خۆشی و شادی ئاوێزانی یاری ئەو ساتە وەختەیان بوو،ڕ ۆژێکی پڕ کامەرانیان بەڕێکرد.



# خاڵخاڵۆکەی ڕەنگاو ڕەنگ







## کەرەستەی پێویست:

لولەی کلێنس، پارچەیەک مقەبا یان کارتۆنی سوور، چەسپ، مقەست، قەڵەم بۆیە.

١- لولەیەکی کلێنسەکە بە هەر ڕەنگێ خۆمان حەزمان لێبێت، ڕەنگ دەکەین.

٢- لەسەر مقەبا سوورەکە بازنەیەک دەکێشین و دەیبڕین.

٣- بۆ باڵەکانی خاڵخاڵۆکەکە، مقەبا بازنەییەکە لە نیوە دەبڕینەوە.

٤- خاڵەکانی خاڵخاڵۆکەکە ئامادە دەکەین و دەینوسێنین بەسەر باڵەکانییەوە.

٥- چاوەکانی خاڵخاڵۆکەکە بەسەرییەوە چەسپ دەکەین.

٦- دەتوانین خاڵخاڵۆکە ڕەنگاوڕەنگەکە بکەین بە دەزوویەکەوەو هەڵیبواسین و ژوورەکەمانی پێ بڕازێنینەوە.





مندالپاریزی کوردستان
Kurdistan Save the Children Children's Fund

# مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان - چوارتا

ئا: ئارەزوو عەبدولخالق

وەک گۆڤاری خاڵخاڵۆکە بەپێویستمان زانی هەرجارەو ناوەندێکی منداڵان لە شارباژێڕ بەسەربکەینەوەو بەئێوەی منداڵانی بناسێنین. مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی منداڵان – چوارتا، کە یەکێکە لە ناوەندە چالاکەکانی منداڵان لە ڕێکەوتی ١-٤-٢٠٠٦ دامەزراوە. مەڵبەندەکە بە درێژایی ساڵ بۆ منداڵانی تەمەن ٦ بۆ ١٤ ساڵ کراوەیە بەبێ جیاوازی بۆ چالاکی پەروەردەیی و بنیاتنەر لە ژێر چاودێری کارمەندی ڕاهێنراو. ئەم مەڵبەندە پڕۆژەیەکە لە پڕۆژەکانی بەرنامەی پەروەردە سەر بە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، کە خزمەت بە منداڵان دەکات لە شارو شارۆچکەکان بەبێ جیاوازی ئاین، ڕەگەزو نەتەوە.

ئامانجی ئەم پڕۆژەیە پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتییە بۆ منداڵان لە ڕێگەی بەشدارییپێکردنیان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی هونەری و وەرزشی و پەروەردەیی زانستیدا.



منداڵانی چوارتاو دەوروبەری بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی ئەم پرۆژەیە دەکەن.
ئەم مەڵبەندە لە چەندین بەش پێکهاتووە، وەک: بەشی کاری دەستی، بەشی نیگارکێشان، بەشی ریسایکلین، بەشی کتێبخانە، بەشی وەرزش، بەشی کۆمپیوتەر. هەروەها ئەنجامدانی چەندین چالاکی تری هونەری وەک: چالاکی شانۆیی، گروپی سەمای بالێ، هەڵپەڕکێی کوڕان و کچان. ئەمە جگە لەوەی لە پشووی هاویندا خولەکانیان بەردەوامی هەیە بۆ منداڵان، وەک خولەکانی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، خولی مۆزیک و وێنەکێشان. هەروەها کارکردن لەسەر میتۆدە پەروەردەییەکان.
هیوای بەردەوامی بۆ ئەم مەڵبەندە جوانەی منداڵان دەخوازین و ژیانی منداڵانی چوارتاش پڕبێت لە خۆشی و ئارامی.








# بەفر

مەجید ڕاستی
وێنە: عاتیفە مەلەکی جۆ
لەفارسییەوە: داناز عەبدولڕەحمان



٥- زۆری پێنەچوو هاوڕێیانی فیل هاتنە ماڵەکەی و هەریەکەیان باوەشێ داریان پێبوو.




٦- خاڵخاڵ ویستی ئاگر بکاتەوە، بەڵام...




٧- لەوکاتەدا قەلەڕەش لەڕێوە گەیشتە لای.



٨- خاڵخاڵ ئاگری کردەوەو هەموو لە دەوری ئاگرەکە دانیشتن.

لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد و دڵخۆشبوون و پێدەکەنین.

# یاریکردن لە ژوورەوە

واو واو!... چەند ژوورێکی نارێکە!
پێویستە یارمەتی کچە بچووکەکە و براکەی بدەیت
بۆ ئەوەی ژوورەکەیان ڕێکبخەن.




چەند تابلۆیەکی جوانە! بەداخەوە نیوەی
دڕاوە! نیوەی دڕاوەکەی بدۆزەرەوە.
ناتوانین هەموو شتێک
بەرین بۆ قوتابخانە!
کام شتانەن کە نابێت
بیانبەین؟

# چی بخۆین؟

## بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەوین.



- لیمۆ و پرتەقاڵ و نارنج، بخۆن، چونکە ڤیتامین (C)یان تێدایە.
- گێزەر و قەیسی بخۆن، چونکە ڤیتامین (A)یان تێدایە.
- گوێزی هیندی بخۆن، ڤیتامین (E)ی تێدایە.
- چەوەندەر و شێلم و کولەکەو کەلەرم بخۆن، تا لەشتان لەبەرامبەر میکرۆبەکان بەهێز بێت.



خاڵخاڵۆکە

کاکەی فەللاح

خاڵخاڵۆکە
ماڵی خاڵم لەکوێیە؟
تۆ ئەیزانی
لەشارە یا لە دێیە
بە شوێن تۆدا
من فڕینم حەز لێیە
خۆزگە وەک تۆ
باڵم ئەگرت لەم ڕێیە
تا بزانم
ماڵی خاڵم لەوێیە!
- ماڵی خاڵت
ئێستە لەوێ نەماوە
کانی وشکە
کارێزەکەی بێ ئاوە
دارودرەخت
بۆ خۆی زەرد هەڵگەڕاوە
بێ دووکەڵە
هەموو ئەو ناوە ناوە
هەرچی مەلە
هێلانەیان شێواوە

نە باعە باع
شوان شمشاڵی شکاوە
نە شاییەو
نە سەیرانەو نە ڕاوە
بۆ کوێ ئەچی؟
کێ ئەڵێ خاڵۆش ماوە؟
هەتا زووە
با بگەڕێینەوە دواوە.

